# خێڵپەرستی دواکەوتووییە، بەڵام نەتەوایەتی مەدەنییەتە

مافپەروەر/ عەبدولسەلام سلێمان



لە سەرەتای پەیدابوونی ژیانی مرۆڤ، کە لای هەمووان ئاشکرایە، بەچەند قۆناخێکی یەک لە دوای یەکی جیاواز لە ڕووی بیرکردنەوە و ئاینپەرستی و خورافات و خێڵپەرستی وجادوو و ئەفسانە و سەرەڕای نەخوێندەواری و درەنگ لە یەک تێگەیشتن پاشان بەرەو کۆمەڵگای ئاڵۆز و فراوان، دواتر لە ڕووی ڕۆشنبیریی و ڕامیاریی و ئابووری گەشەی سەند بەڵام قۆرخکردنی بیر و ئایدیۆلۆژیان لە لایەن هەندێک سەرۆک خێل و دەرەبەگ بەردەوام بوو، کە هەوڵیان دەدا ژیانی هۆزەکەی بەسادەیی و داخراوی بمێنێتەوە ژیان دوور لە ڕێچکە شکاندن و هۆشیاربوونەوەیان و فێربوونیان بۆ خۆشەویستی نیشتمان و نەتەوەپەرستی، بەڵکو تەنها نەتەوایەتی بەر گوێچکەیان نەکەوتبوو، تەنانەت هەندێکیان وا دوورە ەرێز کرابوون نەیدەزانی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمن کێیە؟ سیاسەتی سەرۆک هۆز و خێلەکان لەمەدا ئەوەبوو کە تەنها دەبێت ئەوان مرۆڤی سەرچاوە و بڕیاردەر بن هەر دەبێت مل بۆ ئەوان کەچ بکرێت کەس هیچی لەبار نەبێت و بیری نەکرێتەوە نەوەک ڕۆژێک لە ڕۆژان پێویستیان پێیان نەمێنێت. بەم شێوەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوەکو ئێستا ئەم ڕێبازە پەیڕەو دەکرێت کە دوورە لە شارستانییەت ئەگەرچی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم ڕێچکەیان شکاندووە، ئەوەی لێرەدا گەرەکمە باسی بکەم کۆمەڵگای کوردستانییە کە ناتوانرێت بگوترێت ژیانی کوردستانییەکان بەشێوەیەکی ڕەها ئەم ڕێچکەیەی شکاندووە و تەواو شارستانییە بەڵکو ژیانی شارستانییەت و تێگەیشتن لە دونیای دەرەوە پەرەی سەندووە، بەڵام زۆرێک لە ئێمە هەن هەرچەندە خۆیان بەڕۆشنبیر و مەدەنی دادەنێین دەستبەرداری خێڵ و هۆزایەتی نین، بەو شێوە کلاسیکیەی کە دەیانساڵ بەر لە ئێستا هەبوو و بیر لە نەتەوایەتیی بکەنەوە بەپیرۆزتری دابنێن کە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کوردستان کۆمەڵگایەکی خێڵەکییە. بەڵام دەبێت بزانین لە پاڵ خێڵپەرستی چەند ئەرکێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی و شارستانی هەیە کە پێویستە بیزانین بۆ ئەوەی دانەبڕێین لە کاروانی پێشکەوتن و بە دەوڵەت بوونمان، بۆیە پێویستە لە سەر هەر تاکێکی کورد زۆر هۆشیار بین نەتەوایەتی بوونمان لە پێش هەموو شتێک دابنێین چونکە هەرێمی کوردستانمان لە هەوڵی بوون بەدەوڵەت دایە.

ئەگەر ئاوڕێک بۆ دواوە بدەینەوە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و میرنشینەکانی کوردی بەهۆی تێنەگەیشتن لە مانای نەتەوەو خۆشەویستی نیشتمان و گرینگی دان بە هۆز و خێل بووە .ئەگەر بێینە سەر قۆناخی ئێستای کوردستان هەرچەندە لەگەڵ ئەوانەی کە لە پێشەوە باس کران پێشکەوتنێکی بەرچاو هەیە لەڕووی تێگەیشتنی مەدەنییەت و گرینگی نەدان بە خێڵایەتی و کە بەربەستێکە بۆ پێشکەوتنی مەدەنییەت . هەروەها لەگەڵ نووسینەکەم پەیامێکی ترم بۆ یاخیبووان و ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی بەگشتی هەیە کە بیر لە پیرۆزی نەتەوەیی بکەنەوە هەرچەندە گلەیی و ڕەخنە لێرە و لەوێ هەیە لە لایەن سەبارەت بەهەندێ لە کەمتەرخەمی حوکومەت و هەندێ کەسان بەڵام سەرئەنجام دەبێت ئێمە بناخەیەکی بەهێز بین بۆ هۆشیاری نەتەوایەتیی و لەبەر چاوگرتنی. ئەگەر هاتوو ڕەخنەش هەبێت هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر نەتەوایەتی و خۆشەویستی نیشتمان، لەکۆتایدا نووسینەکەم تکام وایە بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆشنبیریی نەتەوایەتی پەرە پێ بدەین دەبێت خاکی خۆمان و زمانی خۆمان خۆش بوێت سەرتاپای کوردستان بەیەک پارچەیی ببینین نەوەکانمان فێری نەتەوایەتی بکەین دەبێت تەگەرە بخەینە بەر ناوچەگەری و تیرەگەری و ئاغایەتی و نەخوێندەواری و جادو و سیحرکردن و خورافاتە ئایینیەکان، ئەگەر هاتوو بووە ڕێگر لەبەردەم هۆشیاری نەتەوایەتی و پێشکەوتن چونکە ئەو وڵاتەی کە مەدەنی و دیموکراسی تێدا هەبێت نابێت گرینگی بدات بەم چەمکانە، هەردەم نەتەوەیی بوون بەبەرز و پیرۆزتر دابنێین.